محەمەدی حاجی مەحمود: حکومەتی ئێستای عێراق درێژەی بە هەمان ڕێچکەی حزبی بەعس دەدات



محەمەد حاجی مەحمود، سکرتێڕی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان پێی وایە حکومەتی ئێستای عێراق درێژەی بە هەمان ڕێچکەی حزبی بەعس دەدات بە گۆڕینی دیمەگرافیای ناوچە داگیرکراوەکان، لەکاتێکدا بەپێی دەستور بڕی نییە هیچ گۆڕانکارییەکی کارگێڕی لەو ناوچانەدا بکات.

محەمەد حاجی مەحمود، سکرتێڕی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، ئەمڕۆ چوارشەممە، لە پەیامێکدا وتویەتی"ئێو هێواشانی لەسەر ناوچە داگیرکراوەکان بکودکرێنەوە، هەمویان نەخشەی پێشوەختەی حکومەتی ئێستای عێراق و عەرەبن لەدژی کورد کە هەمان ڕێچکەی حزبی بەعسە درێژەی پێدەدرێت."

ئاماژەی بەوەشداوە "بە گۆڕینی دیموگرافیاو کەمکردنەوەی نفوسی کورد لە ناوچەکە، قادرکەرم و دوزخورماتو خراونەتە سەر تکریت و ناویانناوە سەڵاحەدین، قەرەتەپە کراوە بە قەزاو لە جیاتی داگیرکراوو خراوەتە سەر دیالە، مەیدان و بناری بەمە بە سەر خانەقی و خانەقیش بە سەر دیالە، لە

هەمانکاتدا کوت و مەندەلی و قازانیەکانی و بلاوکراوەکانی سەر دیالە، لە درێژەی ئەو پیلانانەدا جێلەولا کراوە بۆ قەزا."

هەمای بۆ ئەوەش کردوە "ئەو لێکدانەوە ماددەی 58ی دەستوری کاتیی و ماددەی 140ی دەستوری عێراق جێبەجێ نەکراوە، بۆیە عێراق بێ نیین هیچ گۆڕانکارییەکی کارگێڕی لەناوچە دابڕاوەکان (ناوچەی ماددەی 140) بکات. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ڕێگە بە عێراق نەدات ئەو دەستوەردانانە بکات."

بەقسەی محەمەد حاجی مەحمود "لێگەڕێ ئەو بڕنامە دوژمنکارانەی عێراقدا، کورد لەو سنورە بڕپرسیارن لەوەی کە دەگوزەرێت، چونکە ئەوەی جێگەی پرسیارە نزیکەی نیو ملیۆن هاوڵاتی کورد لە سنوری دیالێن، بەڵام چەند هەڵبژاردنێکە نیانتوانیوە کورسییەکی پەرلەمان بە کورد مسۆگەر بکەن لەو سنورە."